# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

## وانەی شەشەم حەوتەم

## بونیادی کارگێڕی پەیوەندییە گشتیەکان:

# بونیادی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان:

- زەحمەتە نەخشەی سیستەمێکی کارگێڕی دیاریکراو بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیاکان پەیرەوبکرێت.
- ئەم کارە لە کۆمپانیایەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە بەپێی قەبارەی کۆمپانیاکە و سروشتی مامەڵەکردنی.
- ئەگەر قەبارەی دامەزراوەکە بچووك بوو بەڕێوەبەر خۆی یان بەهاوکاری یاریدەدەرێکی لەچوارچێوەی کارمەندانی دەزگاکە کارەکانی پەیوەندییە گشتیەکان رادەپەڕێنێت
- وێرای ئەوە دەزگای پەیوەندییە گشتیەکان بەپێی مەودای تێگەیشتنی هەڵسووڕێنەرانی کارگێڕی بۆ کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جیاوازە.

- بونیاتی ڕێکخراوەیی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەکەوە بۆ لایەکیتر دەگۆڕێت.
- جیاوازییەکە لە جیاوازی **پلانەکان و پرۆگرام و جەماوەر**دا دەردەکەوێت
- کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو ئامانج و سیاسەتە گشتییەی کە کارگێڕییەکە بەرهەمی دەهێنێت، لەم ڕوانگەیەوە کاری پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە لە ڕێکخستنی گشتی کۆمپانیاکە روون بکرێتەوە لەنزیك کارگێڕی باڵاو لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەودا.
- بەمەش بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان بەرپرس دەبێت بەرامبەر سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی و دەبێت نزیك بێت لەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتی گەورەیان هەیە لەدەزگاکەدا، بۆئەوەی باشترین ئامانجەکان وەدی بهێنێت و لەئاستی بەڕێوەبەرانی کارگێڕییەکانی دیکە بێت.

# خەسڵەت ومەرجی پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان

- بۆئەوەی پسپۆڕ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان بشێت بۆ راپەڕاندنی کارەکەی پێویستە لەو ئاراستەو پێشکەوتنانە تێبگات کە لە رای گشتیدا روودەدات.
- زانینێکی تەواوی هەبێت لە ئەرکەکانی کارگێڕی و کێشەکانی .
- بڕوایی تەواوی بەکارەکەی و ئەو پەیامە هەبێت کە ئەنجامی دەدات.
- بەئاگاش بێت لەوەی لە دەوروبەری لەناو دەزگاکە و دەرەوەیدا روودەدات

خەسڵەت ومەرجە بۆماوەییەکان

خەسڵەت ومەرجە فێرکارییەکان

خەسڵەت ومەرجە  وەرگیراوەکان

# خەسڵەت ومەرجە بۆماوەییەکان:

- پەیوەستە بە پاڵنەرە خۆڕسکەکان کە بە بنەمای یەکەم دادەنرێت بۆ ڕەفتاری مرۆیی:
- بۆیە پێویستە کەسایەتییەکەی تەواو بێت ، لەڕووی سۆزداییەوە پێگەیشتوو بێت
- یادەوەری بەهێز بێت و مێشکێکی ڕێکخراوی هەبێت
- باشتروایە ئەو کەسەی لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بەڕەوشت و زمانپاراو و گورجبێژ، دڵسۆز، دووربین، زیرەك، جەربەزە، گەشبین بێت و حەز بەتێکەڵی کردن بکات

# مەرجە فێرکارییەکان:

- مەبەست لێی دەستبەربوونی ئاستی فێرکاری و فێرکردن و مەشقی زانکۆیی کە پسپۆڕ لە پەیوەندی گشتییەکان شیاو دەکات بۆ کارکردن لەم بوارەدا.
- بێگومان فێربوونی ئەکادیمی یارمەتی سەرکەوتنی کەسەکان دەدات و باش وایە کەسەکە پلەیەکی زانکۆیی لە ڕاگەیاندن یان بازرگانی یاخود ئاداب یان یاسادا وەدەستهێنابێت و ئەم مادانەی وەرگرتبێ: زمانەکان، رۆژنامەگەری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، رەگەزناسی، فەلسەفە، لۆژیك،ـ کارگێڕی گشتی، یاسا، ئابووری، کارگێڕی، و رێکخستنی پرۆژەکان، بازاڕگەری، ڕیکلام، ئاماری تیۆری جێبەجێکاری، پەیوەندییە گشتییەکان و چەندین ماددەی تری دیراسی.

# مەرجە وەرگیراوەکان:

- ئەمە لە پاڵنەرە خۆڕسکەکان جیاوازە، لەوەی مرۆڤ کە لەدایك دەبێت نییەتی، بەڵام لەئەنجامی ژیانی تاکەکە لە ژینگەیەکی دیاریکراو و کارگەربوون پێی دەبێت.
- هەموو ئەم مەرجە فێرکاری و وەرگیراوانە خەسڵەتگەلێك وەدی دەهێنن کە هەڵسووڕاوی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی پێی دەبێت، کە بریتین لە: توانای دەرککردنی روون لەسەر رێکخستن و بڕیاردانی دادپەروەرانەی بابەتی و توانای هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان و پێشبینیکردن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی فشارەکان و نەرمونیانی و توانای مامەڵەکردن لە کێشە جیاوازەکاندا.
- وەدیهێنانی ئەم سێ مەرجەی پێشتر باس کران، دەبێت کارمەندەکە لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان بەسروشتی خۆی کۆمەڵایەتی بێت و توانای رازیکردن و حەزبزواندنی هەبێت.